# بەسەر تەرمی ژیلانەوە

زیرەك عەبدوڵڵا

ڕۆژی (8)ی مارس لە هەولێر ڕێو ڕەسمی بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی ئافرەتانی جیهان بەڕێوەچوو, تیایدا چەندین وتار خوێندرایەوە, لە کۆتاییشدا نموونەی ئافرەتی چالاك هەڵبـژێردرا بۆ خەڵاتکردن, و ناونران بە"ئافرەتی ساڵ", ئەم وتارە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر دیاردەی خەڵاتکردن, ئینجا بەراوردکردنی بابەتی خەڵاتکردن لەگەڵ ئەو ئەتمۆسفێرە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی لە واقیعی کۆمەڵگا ئامادەیە لەمەڕ بابەتەکە. ئەمەش بە تیشك خستنە سەر بابەتی خۆسوتاندنی "ژیلان"ی کچە خوێندکاری ئامادەیی بازرگانی کچان, ئینجا قسەکردن لەو هۆکار و فاکتەرانەی ئەو دیاردەیەیان دروست کردووە, دواتریش ئەو دەرکەوتانەی لەو دیاردەیە دەکەوێتەوە.

*　　*　　*　　*

دیاردەی خەڵاتکردن مێژوویەکی دێرینی هەیە لەنێو کۆمەڵگای مرۆیدا, ئەم دیاردەیە وەکو هەر دیاردەیەکیتری کۆمەڵایەتی سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە, قوناغ و کاراکتەری خۆی هەیە, هەروەها مەبەست و لۆژیکی خۆیشی هەیە.

ئەم دیاردەیە لە جەوهەری خۆیدا پەیوەستە بە بوونی دوو جەمسەر, جەمسەرێکی "خەڵات بەخش"و یەکێکی "خەڵات وەرگر", هەروەها پەیوەستە بە بوونی بابەتێکیش بۆ بونیادنانی دیاردەکە و ڕەواییدان پێی.

خەڵاتکردن پاداشتێکە جەمسەرێك دەیداتە جەمسەرێکیتر لەسەر بابەتێکی دیارکراو, یا لە بڕی بە ئەنجامگەیاندنی کارێك یا ڕەفتارێك, لەژێر ڕێنمایی و فەرمایشتەکانی ئەوی یەکەم. پرسی خەڵاتکردن تەنها پەیوەست نییە بە ڕابردوو, پەیوەست نییە بەوەی کراوە, بەڵکو پەیوەستیشە بە داهاتوو, بەوەی تموحی کردنی دەدرێت, بەمانایەکیتر خەڵاتکردن هەر ئەوە نییە کەسێك کارێکی کردبێت, بەڵکو ئەوەشە بیکات.

لە تێڕوانینی منەوە خەڵاتکردن وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت, بەوە دەستپێدەکات جەمسەرێك لەسەر "بابەتێك" ئیرادەی بەخشین, یا پێشکەشکردنی شتێکی هەبێت, دوای ئەمە قۆناغی هەڵبژاردنی کەسی"خەڵات وەرگر" دێتە ئاراوە, ئینجا ئامادەیی و قبوڵکردنی وەرگرتنی خەڵات لەلایەن" خەڵات وەرگر", ناولێنانی دیاردەکەیە دەبێتە بابەتی بیرلێکردنەوە, دواجار سازدانی ڕێو ڕەسمێك بۆ مەبەستی بە واقیعکردنی دیاردەکە دەبێتە قۆناغی کۆتایی.

*　　*　　*　　*

ڕەنگە ئایدیای خەڵاتکردن ئەوەلین جار لە نێوانە پەیوەندی خوداوەند و مرۆڤ سەرچاوەی گرتبێت, کاتێك خوداوەند تموحی بەهەشت بە مرۆڤ دەبەخشێت لە بەرامبەر جێبەجێکردنی کۆمەڵێك ڕێنمایی و فەرمایشت, خوداوەند بە مرۆڤ دەڵێت بەمجۆرە ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکە,

لە حەرامەکان دوور و لە حەڵاڵەکان نزیك بکەوە, ئیدی منیش لە بەرامبەریدا خەڵاتت دەکەم و دەتبەمە بەهەشت, لە بەهەشتیشدا کۆمەڵێك خەڵاتت پێشکەش دەکەم, وەکو حۆری....هتد, لەم نێوانە پەیوەندیەدا کۆمەڵێك ڕێنمایی و فەرمایشت هەیە ئەگەر پەیڕەوی لێبکرێت, ئەوا کەسی پەیڕەوکار خەڵات دەکرێت, بەمەش ڕێنمایەکان دەبێتە پێشمەرج بۆ خەڵاتکردن.
ئایدیای ئەم ستایلی مامەڵەکردنەی نێوان خوداوەند و مرۆڤ, تەنها لە ئاستی ئاسمان و زەوی نامێنێت, بەڵکو دێتەخوار و دەچێتە سەر ئاستی زەوی, دەچێتە نێوان مرۆڤەکان خۆیان, ئیدی مرۆڤەکان یەکتری خەڵات دەکەن, لێرەدا نێوانە پەیوەندی مرۆڤەکان هاوشێوەی نێوانە پەیوەندی خوداوەند و مرۆڤ دەبێت, واتا جەمسەری "خەڵات بەخش"ڕۆڵی خوداوەند و "خەڵات وەرگر"یش ڕۆڵی بەندە دەبینێت.

*　　　*　　　*　　　*

ئەگەر لە نێوانە پەیوەندی خوداوەند و مرۆڤ کۆمەڵێك ڕێنمایی وەکو پێشمەرج هەبێت بۆ وەرگرتنی خەڵات, ئەوا بەهەمان شێوە لە نێوانە پەیوەندی مرۆڤیش ئەو پرسە ئامادەیە. ئەمە تایبەتمەندیەکی بەرچاوی دیاردەی خەڵاتکردنە.
تایبەتمەندیەکیتری ئەم دیاردەیە ئەوەیە بەبیّ بوونی پێوەر هەڵناکات, لەم دیاردەیەدا پێوەرێك لەلایەن جەمسەری "خەڵات بەخش" ئامادەیە, بەهۆیەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی کەسی "خەڵات وەرگر" هەڵدەسەنگێنرێت, تاوەکو ماف تەواوی پێبدرێت, پێوەری بەخشینی خەڵات لەلایەن خوداوەند نەگۆڕە, کۆمەڵێك ڕێنمای دانراوە, ئەگەر مرۆڤ جێبەجێی بکات, ئەوا وەکو ئەوەی "خوداوەند بەڵێنیداوە" خەڵاتی دەکات, کەواتە لۆژیکێك بۆ بەخشینی خەڵات لە ئارادایە, بەڵام پێوەرەکانی مرۆڤ بۆ بەخشینی خەڵات بە بوونەوەری هاوچەشنی گۆڕاو ناجێگیرە, چونکە لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ و ژینگەی کۆمەڵایەتی, دونیابینی و بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ دەگۆڕێت, بەمەش هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤ دەگۆڕێت, ئەمەش وا دەکات لۆژیکی بەخشینی خەڵات گۆڕاو و ناجێگیر بێت.

*　　　*　　　*　　　*

کاتێك خوداوەند مرۆڤ خەڵات دەکات لەسەر بنەمای خۆبەبەندە زانین و خوداوەند بەخودا زانینی مرۆڤەوەیە, واتا خوداوەند لەسەر ئەو بنەمایە مرۆڤ خەڵات دەکات, کە مرۆڤ خۆی بەبەندەی بێدەسەڵاتی خوداوەند بزانێت, و خوداوەندیش بەخالیق و دروستکاری خۆی, ئینجا لەگەڵیشیدا پەیڕەوی لە ڕێنماییە نێردراوەکانی بکات, واتا بەپێی ڕێنمایەکانی خوداوەند ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەی بکات, بەڵام ئایا مرۆڤ لەسەر چ بنەمایەك و بەپێی چ لۆژیکێك مرۆڤکیتر خەڵات دەکات؟ ئایا لەسەر هەمان بنەمای نێوانە پەیوەندی خوداوەند و مرۆڤەوەیە, یا لەسەر بنەمایەکیتر؟.
بەپێی ڕیوایەتی تێکستە ئاینیەکان خوداوەند مرۆڤێك خەڵات دەکات, کەوا بەپێی پێوەری تایبەتی خۆی شایستەی خەڵاتەکەیە, لەمەشدا یەکسانی پەیڕەوی دەکات لە بەخشینی خەڵات,

ئەو جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکان "پەیرەوکاران" ناکات لە پێدانی خەڵات, جگە لەمەش خاوەنی بەڵێنی خۆیەتی, بەڵام ئایا ئەم ستایلی مامەڵەکردنە لەلایەن مرۆڤ ئامادەیی هەیە؟.
ئێمە نازانین خوداوەند لە بەرامبەر بەڵێنەکانی چۆن ڕەفتار دەکات, چونکە لەو بارەیەوە ئەزموون نییە, ئەوە پەیوەستە بە زەمەنێك و شوێنێکیتر "وەکو ئەوەی خۆی دەیڵێت", بەڵام لە سەیرکردنمان بە مێژووی بە پەرکراوی مرۆڤایەتی, ئەوە دەدۆزینەوە بەردەوام پێچەوانەی شێوازی مامەڵەکردنی "بەڵێن بۆدراوی خوداوەند" لەلایەن مرۆڤەوە ئامادەیە. زۆرجار مرۆڤ لەسەر پرسێکی تایبەتدا بەڵێن بە کەسێکی دیاریکراو دەدات, کەچی جێبەجێی ناکات و بێبەڵێنی دەکات. خوداوەند یەکسانی پەیڕەوی لێدەکات "وەکو ئەوەی خۆی دەیڵێت", بەپێچەوانەوە بۆ مرۆڤ "زۆر جار" ڕاستە, لێرەوە پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە, ئەویش ئەگەر ئەو هەموو جیاوازیە بنەڕەتیانە لە نێوان مرۆڤ و خوداوەند هەیە, بۆچی مرۆڤ هەوڵدەدات تەقلیدی خوداوەند بکاتەوە؟ بۆچی دەیەوێت وا پێشاندات بەخشندەیە؟. بە تێڕوانینی من پرسی تەقلیدکردنی خوداوەند لەلایەن مرۆڤەوە پرسێکە شایانی لێتوێژینەوەی جیدیە.

* * * *

لە نێوانە پەیوەندی خوداوەند و مرۆڤ, ئەو بابەتەی لەسەریدا مرۆڤ خەڵات دەکرێت نەگۆڕ و جێگیرە, بەڵام کاتێك ئایدیاکە دەهێنرێتە سەر زەوی, ئەوا بابەتی خەڵاتکردن دەگۆڕێت و جۆراوجۆر دەبێت, مەبەست لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا بابەتگەلێك پرسی خەڵاتکردنی دەکەوێتە سەر.
لەبەرئەوەی کۆمەڵگاکان لە یەکتری جیاوازن, لەبەرئەوەی هەر کۆمەڵگایەك خاوەنی کولتور و زمان و مێژوو و بەها و نۆرمێکی تایبەتی ژیانکردنی خۆیەتی, بۆیە بابەتی خەڵاتکردن تیایاندا جیاواز دەبێت. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا بابەتێك گرنگ بێت و بەزەرورەت شایانی ئەوە بێت لەسەریدا دیاردەی خەڵاتکردن هەبێت, ئەوا ڕەنگە ئەو بابەتە لە کۆمەڵگایەکیتردا گرنگ نەبێت, بەمشێوەیەی نەشبێتە بابەتێك شایانی ئەوە بێت دیاردەی خەڵاتکردنی لەسەر بێت.
بەپێی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و مەعریفەی ئەندامەکانی, بەپێی ئەو قۆناغە ژیاریەی کۆمەڵگا پێیدا تێپەر دەبێت, بابەتی خەڵاتکردن دەگۆڕێت. دەشێت لەو کاتەی لە کۆمەڵگایەکدا کەسێکی ئاشتیخواز, لەسەر پرسی بە ئاشتی ژیان و بەیەکەوە ژیانی مرۆڤەکان خەڵات بکرێت, ئەوا لە هەمانکاتدا لە کۆمەڵگایەکیتر کەسێك خەڵات بکرێت, کەوا قاتیلێك یا جەلادێکی بە ئەزمون و بە توانایە. دەشێت لە کۆمەڵگایەکدا کەسێکی بە مەعریفە و هیومانیست لەسەر پرسی هیومانیخوازی خەڵات بکرێت, ئەوا لە هەمانکاتدا لە کۆمەڵگایەکیتر کەسێکی بێمەعریفە و مرۆڤکوژ لەسەر پرسی جەنگاوەری و شەڕکاری خەڵات بکرێت, لەو کاتەی لە کۆمەڵگایەکدا کەسێك خەڵات بکرێت لەسەر پرسی ئاشکراکردنی فەساد یا دیاردەی دزێو, ئەوا لە هەمانکات و لە کۆمەڵگایەکیتردا کەسێك خەڵات بکرێت لەسەر پرسی نەهێشتنی ئاشکراکردنی فەساد یا دەرکەوتنی دیاردە دزێوەکان.

ئەگەر پرس و بابەتی خەڵاتکردن لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکیتر بگۆڕێت, ئەوا پرس و بابەتی خەڵاتکردن لە دوو کاتی جیاوازی ناو هەمان کۆمەڵگاش دەگۆڕێت, واتا لە ئێستای کۆمەڵگایەکدا جۆرە بابەتێك گرنگە و شایانی ئەوەیە خەڵاتکردنی لەسەر بێت, و لە داهاتووشدا جۆرە بابەتێکیتر گرنگ دەبێت و خەڵاتکردنی لەسەر دەبێت, بۆیە گرنگی بابەتی خەڵاتکردن بەپێی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگا پێیدا تێپەر دەبێت دەگۆڕێت, و لە هەر شوێنکاتێکدا پرسێك و بابەتێك خەڵاتکردنی دەکەوێتە سەر, جیاوازە لەوەی پێش و پاش خۆی.

لێرەوە بەپێی جیاوازی ئەو پرس و بابەتانەی خەڵاتکردنی دەکەوێتە سەر, مەبەستی خەڵاتکردنیش خۆی بەیان دەکات, بە بۆچونی ئێمە مەبەستی خەڵاتکردنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دوو سەرەیە, سەرێکی چاکەکار و یەکێکی خراپەکار, دەشێت خەڵاتکردن وەکو ئامرازێکی ئەکتیڤ و کاریگەر بەکاربهێنرێت بۆ چاکەکاری, بە هەمان شێوەش بۆ خراپەکاری, لێرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی خەڵاتکردن مەبەستی تایبەتی هەیە.

* * * *

خەڵاتکردنی خوداوەند بۆ مرۆڤ بەمەبەستی ڕاگرتنی ژیانی کۆمەڵگایە بەشێوازێکی تایبەت و نەگۆڕ, بۆ بەرهەمهێنانەوە و درێژکردنەوەی ستایلێکی تایبەتی ژیانکردنی مرۆڤە, بەڵام لە خەڵاتکردنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ پرسەکە بەمشێوەیە نییە, لەبەرئەوەی کۆمەڵگای مرۆیی بەردەوام لەگۆڕاندایە, لەبەرئەوەی مرۆڤی خەڵات بەخش دەگۆڕێت "وەکو خوداوەند نییە", لەبەرئەوەی هزری مرۆڤی خەڵات بەخش دەگۆڕێت, بۆیە مەبەستی خەڵاتکردنیش دەگۆڕێت و جۆراوجۆر دەبێت.

وتمان لەسەر زەویدا خەڵاتکردنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەگۆڕێت, جۆرێکیان خەڵاتکردنی مرۆڤە بۆ مرۆڤ, بەڵام جۆرێکیتر خەڵاتکردنی پێکهاتێك یا دامودەزگایەکی ناو کۆمەڵگایە بۆ مرۆڤ "ئەندامانی", لێرەوەش مەبەستی هەر یەکێك لەم دووانە تایبەت و جیاواز دەبێت لەویتر.

ڕەنگە یەکێك لە مەبەستەکانی خەڵاتکردنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ, دروستکردنی پەیوەندی کۆمەندیکاسیۆنی بێت لە نێوانیان, دروستکردنی ئینتیمای دوو سەرە بێت لە نێوانیان, دەشێت خۆشەویستی, یا هاوسۆزی, یا پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دوو کەس بە دیوە پۆزەتیڤیەکەی مەبەستی خەڵاتکردن بێت, ئەمە بە دیوە هیومانیەکەی, بەڵام بەدیوە ناهیومانیەکەی مرۆڤێك مرۆڤێکیتر خەڵات بکات, لەبەرئەوەی ڕەفتارێکی نامرۆڤانەی ئەنجامداوە, یا ئەنجام بدات, کەسێکی کوشتووە, یا ئەتکی کردووە, یا بۆی بکوژێت و ئەتکی بکات, یا دزی بۆ کردووە, یا دزی بکات... هتد, ئەم جۆرە خەڵاتکردنە بۆ ئەوەیە سوود لە کاردانەوەی کەسی خەڵاتکراو وەربگیرێت, واتا پرسەکە بەرژەوەندخوازانەیە, بەم شێوەیە مەبەستی جیاجیا هەیە لە خەڵاتکردنی تاکێك بۆ یەکێکیتر.

بەهەمان شێوە لە خەڵاتکردنی پێکهاتێك یا دامودەزگایەکی کۆمەڵایەتی و ئیداری مەبەستی جیاجیا هەبێت, لەوانە ڕاکێشان بۆ خۆی و هەوڵدان بۆ بەردەوام مانەوە و کارکردن لەگەڵیدا,

هەروەها لەلایەکیتر پەرەپێدانی تواناکانی مرۆڤی "خەڵات وەرگر" لە بوارە پەیوەستەکەیدا, ئەمەش تاوەکو بەشێوەیەکی ئەکتیڤ ئەرك و فەرمانەکان بەرجەستە بکات.

مەبەستێکیتری خەڵاتکردنی دامودەزگای ئیداری یا سیاسی کۆمەڵگا سەرگەرمکردنی مرۆڤەکانە لە کایەیەکی دیاریکراو بۆ نمونە "وەرزش", ئەمەش بۆ مەبەستی چاوبەستکردنیان, بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بیر لە کایەکانیتر و چۆنیەتی بەڕێوەچوونیان نەکەنەوە. ڕەنگە کۆمەڵێك مەبەستیتر لە ئارادا بێت و هەر دامودەزگایەك مەبەستی تایبەت بەخۆی هەبێت.

* * * *

ئەوەی مرۆڤ دەیبینێت خەڵاتکردنی خوداوەند بۆ مرۆڤ تەنها لە ئاستێکدا خۆی نمایش دەکات, ئەویش "مەعنەوی"یە, خوداوەند بە بەڵێنەکانی دڵنەوایی مرۆڤ دەکات, ئەمەش خەڵاتێکی مەعنەویە, بەڵام خەڵاتکردنی مرۆڤ بۆ مرۆڤ لە دوو ئاستدایە, ئەوانیش" مادیی و مەعنەوی".

ئاستی ماددی وەرگرتن یا بەخشینی ماتریالێکی بەرهەستە, کەوا نرخێك" پارە"ی لەسەرە, واتا دەکڕدرێ و دەفرۆشرێ, بەڵام ئاستی مەعنەوی وەرگرتن یا بەخشینی نوسراوێکی ڕێزلێنان یا پێزانینە, یاخود دەستخۆشی لێکردنێك و ئافەرینێکی زارەکیانەیە, هەندێکجار دەشێت نووسراویش بێت, ئەمە کڕین و فرۆشتنی لەسەر نییە, لەگەڵ ئەوەشدا خەڵاتکردنە.

* * * *

دیاردەی خەڵاتکردن پەیوەستە بە ئامادەیی جەمسەرێك بۆ بەخشین یا پێشکەشکردنی ماتریالێك وەکو"خەڵات" بەویتر, لێرەدا پرسیار سەرهەڵدەدات لەسەر چ بنەمایەك ئەو لایەنە ئامادەیی بەخشینی خەڵاتی هەیە؟ بۆچی و بە چ مەبەستێك خەڵات دەداتە کەسێك؟..

* * * *

دیاردەی خەڵاتکردن پەیوەستە بە هەڵبژاردنی کەسێك" خەڵات وەرگر", ئەمەش بەپێی پرنسیپ و پێوەر و مەرجی تایبەت بە بابەتی خەڵاتکردن دەبێت. لێرەوە زۆرجار پرسیار سەرهەڵدەدات لە بارەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی کەسی"خەڵات وەرگر", ئایا لەسەر چ بنەمایەك و بەپێی کام پێوەر کەسی "خەڵات وەرگر" هەڵبژێردراوە؟ ئایا بەڕاست کەسی هەڵبژێردراو هەڵگری ئەو سیفات و تایبەتمەندیانەیە, کەوا بابەتی خەڵاتکردن دەیخوازێت, لێرەدا بابەتی بوونی پێوەرەکانی هەڵبژاردن و ویژدان ڕۆڵ دەبینێت, ویژدانی ئەو لیژنەیەی کەسێك هەڵدەبژێرێت بۆ خەڵاتکردن, بەوەی بە کردەیی لیژنەیەکی ڕاستگۆ و بەویژدانە؟ ئایا بەڕاستگۆیی ئەو کەسەیان هەڵبژاردووە؟ ئایا کەسی لەوە شایستەتر نییە بۆ پێبەخشین خەڵات لەسەر پرسی بابەتی خەڵات لەسەرکراو؟ هەر بۆیە لێرەدا زۆرجار پرسیار و گومان سەرهەڵدەدات لە بارەی بەڕاستگۆیانە و بەویژدانانە بەڕێوەچوونی پڕۆسەکە.

* * * *

دیاردەی خەڵاتکردن قوناغێکیتری هەیە, ئەویش ناولێنانی بۆنەی "موناسەبەی" خەڵاتکردنە, زۆرجار ناوێکی ئەفسوناوی و سەرنج ڕاکێش لە بۆنەی خەڵاتکردنەکە و لە کەسانی "خەڵات وەرگر" دەنرێت, وەکو "پیاوی ئاشتی, پاڵەوانی جیهان, ئافرەتی ساڵ...هتد", بەڵام ئەمەش بە

سروشتی خۆی پرسیار دروست دەکات, پرسیاری ئەوەی ئایا ناولێنانەکە لەگەڵ واقیعی ئەو بابەتە دەگونجێت, کەوا لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتیدا ئامادەیی هەیە؟ گەڕان بە دوای وەڵامی پرسیارەکە دەمانگەیەنێتە سەر بڕوای واقیعیبوون و لۆژیکیبوون و عەقڵانیبوونی دیاردەکە.

لێرەوە بە بۆچوونی من هەم هەڵبژاردنی کەسی "خەڵات وەرگر", هەمیش ناولێنانی بۆنەی خەڵاتکردنەکە کێشە دروست دەکات, پرسیار و گومان لە ڕاستگۆی دەرەنجامەکە, دواتریش عەقڵانیەتی پڕۆسەکە دروست دەکات, بۆیە دەبێت ئەو دوو قۆناغە بەشێوەیەکی لۆژیکی و عەقڵانی بێت, و بگونجێت لەگەڵ واقیعی ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی لە کۆمەڵگادا ئامادەیە.

تا ئێرە دەتوانین بەکورتی بڵێین" دیاردەی خەڵاتکردن پەیوەستە بە دوو جەمسەر, یەکێکی خەڵات بەخش و یەکێکی خەڵات وەرگر, تیایدا جەمسەرێك شتێك دەبەخشێتە جەمسەرەکەیتر لەبڕی ئەوەی کارێك یا ڕەفتارێکی کردووە, یا بیکات, ئەم دیاردەیە بۆ بونیادنانی پێویستی بە بوونی بابەتێك هەیە, لەگەڵ هەڵبژاردنی مرۆڤێك بۆ خەڵات وەرگرتن, ئەمەش بەپێی پێوەرێك و لۆژیکێك بەڕێوە دەچێت, ئینجا ناونانی بۆنەی خەڵاتکردنەکە, ئەمەش بەشێوەیەك دەبێت بگونجێت لەگەڵ ئەوەی ئامادەیە لەواقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا".

لەڕاستیدا دیاردەی خەڵاتکردن قسەیەکی زیاتر هەڵدەگرێت وەك ئەوەی لێرەدا کراوە, بەڵام لەبەرئەوەی ئەمە خواستی سەرەکی ئەو وتارە نییە, بۆیە جێیدەهێڵین, دەچینە سەر مەبەستی سەرەکی وتارەکە, ئەویش قسەکردنە لەسەر پرسی وەرگرتنی خەڵاتی ئەو پۆڵە بەڕێزە, کەوا لە ڕۆژی (8)ی مارس لەژێر ناوی "ئافرەتی ساڵ" خەڵاتکران.

* * * *

ئەگەر زەین لە واقیعی حاڵی ژیانکردن لە ئێستای کۆمەڵگای کوردی بدەین, دەبینین سەختترین ژیان, ژیانی ڕەگەزی مێیە, بەشێکی زۆری ئەو کارەساتانەی لە کۆمەڵگادا هەیە, کاراکتەرەکەی ڕەگەزی مێیە, ڕەگەزی مێ پاڵەوانی ڕووداوەکانە, لە خۆسوتاندا بەشی شێری بەر کەوتووە "ئینجا کچ بێت یا ژن", لە کوشتن و ئەتککردندا جەستەی مێ نێچیرێکی بەردەوام ئامادەیە, لە ئیهانەکردندا ڕەگەزی مێ پلەی یەکەمی بە دەستهێناوە, و لە پێشەوەی ڕەگەزەکەیترە, لە بێبەهاکردندا بە هەمان شێوە, بەڵێ لەم کۆمەڵگایەدا ڕۆژانە چەندین کچ و ژن دەسوتێت, چەندین ژن ئەتك دەکرێت, ژەهر خوارد و دەرمان خوارد دەکرێت, دەکوژرێت, لە شوێنی دوورە دەست فڕێ دەدرێت, ڕۆژانە سەدان کچ و ئافرەتی سواڵکەر لەسەر شەقامەکان دەبینرێت, ڕۆژانە لێرە و لەوێ, لە دەزگاکان, لە شوێنی جیاجیا, ئیهانە بە جەستەی ژن دەکرێت, مامەڵەیەکی غەریزەیانەی لەگەڵ جەستەیدا دەکرێت, لەم کۆمەڵگایەدا ژن و سەلاجە هاوشێوەی یەکترن, بۆ خاوکردنەوەی دەمارە گرژەکانی پیاو بەکاردەهێنرێن, لەم کۆمەڵگایەدا ژن و کەلوپەلی ئەلیکترۆنی وەکو یەکن, هەر دووانەیان لەلایەن پیاوەوە دەستی بەسەرداگیراوە و خاوەندارێتی دەکرێن, لەم کۆمەڵگایەدا ژن ناتوانێت کەمترین قسە لەسەر ژیانی تایبەتی خۆی بکات, ناتوانێت بە ئازادانە لە پرسە تایبەتیەکانیدا بیربکاتەوە و بڕیار بدات, شتەکان هەڵبژێرێت, ئەمەیە واقیعی حاڵی ژیانی ڕەگەزی مێینە لە کۆمەڵگای کوردیدا, بێئەوەی لەبەرامبەردا یەك دەنگ سەدای

هەبێت و ناڕەزایەتی دەربڕێت, جگە لە چەند نزمە دەنگێك كە ڕەنگە سەداكەی ئەوەندە كەم بێت, نەگاتە گوێچكەی خۆشیان, لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە, ئایا كۆمەڵگایەك ئەمە واقیعی حاڵی ژیانكردنی ڕەگەزی مێ بێت, چەند یەكدەگرێتەوە لەگەڵ بوونی دیاردەیەك, كەوا تیایدا گرووپێك ئافرەت خەلات دەكرێن بە ناوی ئافرەتی ساڵ؟ چەند یەكدەگرێتەوە لەگەڵ بوونی دیاردەیەك كە تیایدا ئەوە پێشانبدات ئافرەتی چالاك هەیە؟.

* * * *

وتمان بۆ خەلاتكردن دەبێت بابەتێك هەبێت, تاوەكو دیاردەكەی لەسەر بونیاد بنرێت, ئەمەش لەناو ئەتمۆسفێری كۆمەلایەتی بوونێكی بەرهەست و واقیعی هەبێت, ئەگەر بابەتی خەلاتكردن كە بریتیە لە پرسی چالاكی نواندنی "خەلات وەرگرەكان" لە كایەی تایبەت بە ڕەگەزی مێ و پرسە پەیوەستدارەكانی بەراورد بكەین, لەگەڵ ئەو ئەتمۆسفێرە كۆمەلایەتی و سیاسیەی, كەوا لە واقیعی كۆمەڵگادا ئامادەیە لە مەڕ بابەتی دیاردەكە, دەبینین ئەوە بە هیچ كلۆجێك یەك ناگرێتەوە, بەڵكو سەد و هەشتا پلە لەیەكتری دوورن, ئەمەش لۆژیكیبوون و واقیعیبوونی پرسەكە دەخاتە بەر گومان و ڕەخنە و پرسیاری جۆراوجۆر, بەوەی ئایا بەڕاست ئافرەتی چالاكمان هەیە؟ ئەگەر هەیە لە كوێن؟! ئەگەر هەیە كەواتە بۆچی ئەو هەموو دیاردە و ڕووداو و كارەساتانە لەناو كۆمەڵگادا هەیە, ئەگەر كەسی چالاكمان هەیە لەو بوارە ئەی كوا گرۆپێكی فشاری ڕێكخراو, كە خاوەنی بنكەیەكی كۆمەلایەتی بەهێز بێت و لە كاتی پێویستدا فشار بخاتە سەر دەسەلاتی سیاسی و كۆمەلایەتی لەناو كۆمەڵگا.

* * * *

وەكو ئاماژەمان بۆ كرد, دەشتنیشانكردن یا هەڵبژاردنی كەسی"خەلات وەرگر" پێویست بە بوونی پێوەرێك لۆژیكی دەكات, كەوا بنەمای مەعریفی و زانستی هەبێت, دیسان پێویست بە بوونی ستافێكی ڕاستگۆ و بەویژدان دەكات, پێویست بە ستافێك دەكات میزاجی نەبێت لە هەڵسەنگاندن و بڕیاردان و هەڵبژاردنیان, تاوەكو بەشێوەیەكی دادوەرانە و ڕاستگۆیانە ئەو كەسانە هەڵبژێرێت شایستەی خەلاتەكەیە, لێرەشدا دەبێت بە ستایلێكی بابەتیانە و زانستیانە پرسەكە بەڕێوەبچێت, لایەنگیری نەكرێت لە هەڵبژاردنی كەسەكان, كەسێك لەسەر كەسێكتر تەفزیل نەكرێت, ئیعتباراتی سیاسی و كۆمەلایەتی و جوگرافی لەبەرچاو نەگیرێت, لێرەوە ئایا هەڵبژاردنی "خەلات وەرگرەكان" بەپێی چ پێوەرێك بووە؟ ئایا كێ هەڵیبژاردوون و لەسەر چ بنەمایەكیش هەڵیبژاردوون؟ ئایا پێشمەرجەكانی خەلات پێدان چی بوون؟ ئایا ستافی هەڵبژاردنەكە بەشێوەیەكی بابەتی و زانستی كەسەكانیان هەڵبژاردووە, یا لایەنگیریان كردووە؟ بە بۆچوونی من لە هەڵبژاردنی "خەلات وەرگرەكان"دا, پەیڕەوی لە بابەتیبوون و لۆژیكیبوون نەكراوە, بەڵكو لایەنگیری كراوە, كەسەكان لەسەر بنەمای هەندێك ئیعتباراتی سیاسی و كۆمەلایەتی و جوگرافی هەڵبژێردراون, ستافی هەڵبژاردن لە هەڵسەنگاندن و بڕیاردان و هەڵبژاردنی"خەلات وەرگر" دادوەر نەبوون, بەویژدانەوە كەسەكانیان هەڵنەبژاردووە, چونكە ڕەنگە كەسگەلێك هەبێت چالاكتر بێت لەوانەی خەلاتیان وەرگرتووە, بەلام لەبەر هەر هۆیەك بێت

فەرامۆش کرابێت, دیسان هەبێت خەڵاتی وەرگرتووە "لەسەر ئەم پرسە", بەڵام شایستەی نەبێت.

* * * *

دیاردەی خەڵاتکردن پێویستی بەرازیبوونی "خەڵات وەرگر" هەیە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە, لەمەشدا دەبێت "خەڵات وەرگر" کەسێکی تێگەیشتوو بێت, و بزانێت لەسەر چی و بۆچی خەڵات دەکرێت, لە قبوڵکردن و نەکردنیشدا پێویست دەکات ڕاستگۆ و بەویژدان بێت, پرسیار لە خۆی بکات ئایا ئەو شایەنی ئەو خەڵاتەیە؟ ئایا ئەو کەسی ئەکتیڤە لەو بوارە؟ ئایا کەس لەو ئەکتیڤتر نییە لەو بوارەدا بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە؟ ئەگەر هەستی کرد هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ئەو لەسەر بابەتی خەڵاتکردنەکە نادروستە, وردبینی تیا نییە, پێویستە خەڵاتەکە قبوڵنەکات, بەپێچەوانەشەوە ڕاستە, زۆریشن ئەوانەی لە دونیای ئەو دیاردەیەدا خەڵات قبوڵناکەن, چونکە قبوڵکردنی خەڵاتەکە قبوڵکردنی ناونانی بۆنەی خەڵاتەکەشە, لێرەوە ئایا ئەو کەسانەی هەڵبژێردران بۆ خەڵات وەرگرتن بەو شێوەیە مامەڵەیان کردووە؟ من لەو بەڕێزانە دەپرسم چۆن مافی ئەوەیان بەخۆدا لە ژێر ڕاڤەی ئافرەتی چالاك و لە ژێر ناوی "ئافرەتی ساڵ" خەڵات وەربگرن؟ ئایا قەت بیریان لەوە کردۆتەوە بزانن ئەوەی وەریدەگرن مانای چیە؟ ئایا بیریان لەوە کردۆتەوە ئەو کارەی کردوویانە بەراورد بکەن بە ناونانی ئەو بۆنەیە تاوەکو بزانن تاچەند بەرامبەر یەکترین؟.

بە بۆچوونی من نە بابەتی دیاردەکە, نە ناونانی, نە هەڵبژاردنی "خەڵات وەرگر"ەکان واقیعی و لۆژیکی نییە, و موبالەغەیەکی زۆری تێدایە, بەڵام بۆچی وا دەڵێین؟ ئێمە لێرەدا ناگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی دوور و درێژ و ڕووداوگەلێکیش ناهێنینەوە, بۆ ئەوەی بزانین ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خەڵات وەرگرەکان تیایاندا چی بووە, بۆ ئەوەش ناچین لەکوێدا کردەیەکیان کردووە لە پشتەوە هاوڕەگەزەکەی لە مەینەتی و ناخۆشی و کێشە و گرفتێکی زۆر قوتار کردووە, بەڵکو تەنها بۆ ڕووداوێکی نزیکی ئەو بۆنەیە دەچین کەوا تیایدا ئەو بە ئافرەتی چالاك ناوزەد کراوە, بۆ ئەوەی بزانین ئەو ئافرەتە چالاکانە لەبارەیەوە چیان کردووە, ئەویش ڕووداوەکەی ژیلانە. ئەگەر سەیر بکەیت تەنها هەفتەیەك پێش ئەو مەراسیمی خەڵات وەرگرتنە "ژیلان"ی قوتابی ئامادەیی بازرگانی کچان, بەهۆی ئیفلیجی سیستەمی پەروەردە خۆی سوتاند, بەڵی ڕووداوی "ژیلان" تەنها یەك هەفتە "(7) ڕۆژ" بەینی هەبوو لەگەڵ ئەو دیاردەیە, باشە کام لەو بەڕێزانەی خەڵاتی وەرگرتووە, قسەیەکی لەسەر مەسەلەکەی "ژیلان" کرد, هەڵوێستێکی جیدی وەرگرت, "لێرەدا تەنها پرسی ژیلان بەنموونە دەهێنینەوە ئەگەرنا سەدەها نموونەی تری لەم جۆرە ئامادەیی هەیە لەناو کۆمەڵگادا", من بەوانە دەڵێم ئەزیزان ئێوە بەسەر تەرمی ژیلان بازتاندا و خەڵاتی ئافرەتی چالاکتان وەرگرت, ئەی کوا ویژدانی مرۆڤ؟ ژیلان کە تەنها هەفتەیەك پێش خەڵات وەرگرتنەکەی ئێوە خۆی سوتاند, کوا ئێوە چیتان کرد؟ دەستەی چالاکەکان کوا وتارێکتان نووسی؟ کوا ڕێپێوانێکتان ساز کرد بۆ بەردەم پەرلەمان یا وەزارەتی پەروەردە؟ کوا بەیاننامەیەکتان بڵاوکردەوە ؟ کوا هاوسۆزیتان دەبڕی لە بەرامبەر هاوڕێ و

دۆست و دەستە خوشکانی ژیلان؟ کوا ماتەمتان گێڕا؟ کوا سەرە خۆشیتان لە خۆتان و بنەماڵە بەڕێزەکەی ژیلان کرد؟ بە ڕاست لەمەڕ بابەتەکەی ژیلان چیتان کرد؟ خۆ هێشتا خوێنی گەرمی ژیلان سارد نەبۆوە ئەو کاتەی ئێوە خەڵاتتان وەردەگرت, هێشتا بۆنی کروزی سوتانەکەی لە باخچەی پەپولەکان دەهات, بەڕاست چۆن بۆنتان نەکرد؟ هێشتا مۆناد و گەردەکانی بەسەر ئاسمانی ئەو شارە تۆزاویە دەسوڕایەوە, ئێوە بۆ نەتانبینی؟ دیارە سەیری ئاسمانێك ناکەن کە پڕە لەگەردەکانی کچێکی ئەرخەوانی؟ خۆ هێشتا شوێنی چۆلی ناو پۆلەکەی, بە قوتابیەکیتر "کە هێشتا کەس نازانێت ئەو کەی دەسوتێت "پڕ نەکرابۆوە, بۆچی نەتانتوانی ببینن؟ ئێوە بۆ مرۆڤ نابینن و خەڵات دەبینن؟ بە جیدی ئەگەر من لەجیاتی ئێوە بم, خەڵاتەکان دەبەم لەسەر کێلی قەبری ژیلان دادەنێم و کڕنۆشی بۆ دەبەم, داوای لێبوردنی لێدەکەم, دەڵێم ببورە هاوڕێم بێحورمەتیم کرد, تۆ خاوەنی خەڵاتیت نەوەکو من, بەڵێ ئەگەر کەسێك هەبێت شایستەی ئەوە بێت, خەڵاتی ئافرەتی ساڵ وەربگرێت ئەوە تۆی, توخوداکەی بمبورە, نەمزانی, پێی دەڵێم تۆ زۆر لەوە گەورەتری ئەو جۆرە خەڵاتانە وەربگریت, دەزانم ئەوەی خەڵاتت پێدەبەخشێت ئاگاداری ئێش و ئازاری تۆ نییە, ئاگادار نییە تۆ لەپێناو جوانیەکاندا دەمرێت, بەڵێ ئەزیزان ئێوە بەسەر تەرمی ژیلان باز دەدەن و خەڵات وەردەگرن, ئەی ئەو تەرمەتان نەبینی لە پێشتان کەوتبوو, ئەی بۆنی گوڵاوی گەردەن و کوڵمەی ژیلانتان نەکرد بە ناو هۆڵی بۆنەکە بڵاوببۆوە, ئەی پەپولەکانی ناو هۆڵی بۆنەکەتان نەبینی لە شەقەی باڵیاندەدا و لەو سەرەوە بۆ ئەو سەر باڵە فڕەیان دەکرد, ئەی ڕۆحی فریشتەیی ژیلانتان نەبینی لەناو هۆڵەکە, خودای گەورە لەو وڵاتەدا هیچ نابینرێت. ئێوە بەسەر تەرمی ژیلان باز دەدەن و دەڵێن ئافرەتی چالاکین, هەر هیچ نەبا هاوڕێیان چالاکیەکەتان وایکردبا ژێر پێی خۆتان ببین, ئاخر کەسی چالاك بەردەوام ژێر پێی خۆی دەبینێ, دەرك بەشتە نزیکەکانی خۆی دەکات, هەست دەکات لە چوار دەوریدا چی ڕوودەدات, ئێوە چۆن ژێر پێی خۆتان نەبینی, چۆن دەرك بەشتە نزیکەکانی خۆتان نەکرد.

کاتێك ژیلان خۆی دەسوتێنێت کەس قسە ناکات, کۆبوونەوە ڕوونادات, مەراسیم ناگێڕدرێت, خۆپیشاندانێك ساز ناکرێت, کەچی کاتێك کەسگەلێك بە ناهەق و لەژێر ناوێکی زۆر گەورە, بەموبالەغەیەکی زۆریشەوە خەڵات دەکرێن, زۆرترین کەس ئامادە دەبێت. کاتێك ژیلان دەسوتێت کەس دەنگێك هەڵنابڕیت, بەڵام زۆر کەس ئامادەن بۆ دیاردەیەك کە لەتەمسیل نەبێت لە هیچیتر ناچێت چەپڵە لێبدەن, بۆیە نەوەکو هەر تەنها ئەوانەی خەڵات وەردەگرن ئەوانەش کە ئامادەی مەراسیمەکە دەبن, خەتایان کردووە, وەکو کۆمبارس بەشداریان لە تەمسیلێك کردووە, کەوا زۆر بە قێزەوەنانە و نالۆژیکیانە دەرهێنراوە.

* * * *

ئێمە لەبەردەم دیاردەیەکداین موبالەغە سەرتاپای تەنیوەتەوە, دیاردەیەك نە لەگەڵ واقیع دەگونجێت, نەهەڵبژاردنی کەسەکان, نەناولێنانی بۆنەکەش, باشە ئەی بۆچی ئەو دیاردەیە هاتە ئاراوە, ئەو هۆکار و فاکتەرانەی چین ئەو دیاردەیەیان دروست کردووە؟.

لەناو کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان بەگشتی و کوردیش بەتایبەتی, جۆرێك لە مۆڕاڵ و بەها, جۆرێك لە ڕەفتارکردن هەیە, ئەویش تەنها لە کاتی یادێك یا بۆنەیەك مرۆڤە پەیوەستدارەکانیان بەبیر دێتەوە, بەمانایەکیتر تەنها لە کاتی یادی (8) مارس کە بەناو ڕۆژی ئافرەتانی جیهانە, ئافرەتی کورد و پرسە پەیوەستدارەکانی بە بیر دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری دێتەوە, تەنها لە (1) حوزەیران کە جەژنی منداڵانی جیهانە, منداڵی کوردیان بیردێتەوە ....هتد, لەبەرئەوەی ئەمجۆرە مۆڕاڵ و بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنە لە ئارادایە, دیسان لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردی پڕە لەو کارەسات و دیاردە دزێوانەی, کەوا ڕۆژانە بە بەردەوامی لەناو کۆمەڵگادا بەسەر ڕەگەزی مێدا دێت, بۆیە دەسەڵاتی سیاسی ئەو ڕۆژە هەڵدەقۆزێتەوە و دەیکاتە هەلێك بۆ پەردە پۆشکردنی ئەو کارەسات و دیاردە دزێوانە. لەو ڕۆژەدا هەوڵدەدات, دیاردەیەك و ڕێو ڕەسمێکی لەمجۆرە بسازێنێت, بۆئەوەی پەردەپۆشی کارەسات و ڕووداوە زنجیرئاسا نەپساوەکان "بەسەر ڕەگەزی مێدا دێت" بکات. سەیرە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کوردی ئەوە نابینێت هەفتەیەك پێش ئەو یادە ژیلان خۆی دەسوتێنێت, کوشتن و ئەتکردن و ئیهانەکردنی بەردەوامی ئافرەتی کورد نابینێت, کەچی لەو رۆژەدا ئامادەیە ئافرەتی چالاك خەڵات بکات. سازدانی ڕێو ڕەسمێك بۆ بەخشینی خەڵات بەو ناونیشانە مانای ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کورد, بە هیچ شێوەیەك واقیعی ژیانکردنی ڕەگەزی مێ نابینێت لەو وڵاتەدا. با دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری ئەو پرسیارە لە خۆی بکات ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان هیچ دەزگایەکی تووشی فشار هاتووە لەلایەن ئەو کەسانەی لە ژێر ئەو ناوە خەڵات دەکرێن, ئایا ئەو کەسانە هیچ ڕۆژێك دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریان ناچارکردووە کارێك بکات, یا لەژێر فشاری ئەوان بە بڕیارێکدا بچێتەوە؟ دەسەڵات دەیەوێت لەو ڕۆژەدا ئەو کارەسات و ڕووداوە جەرگبڕانە پەردەپۆش بکات کە بەسەر ڕەگەزی مێدا دێت, ڕۆژەکەش بە چەپڵەلێدان و دەم چەورکردن بباتە سەر, نەوەکو لەو ڕۆژەدا بکەوێتە بەردەم ڕەخنەیەکی جیدی خامەیەك و دەنگێکی ژیاندۆست و مرۆڤدۆست, ئەو باش دەزانێت پرسی ئافرەت جگە لەو رۆژە, لە ڕۆژەکانیتردا نابێتە بابەتی بیرلێکردنەوەی دەزگاکانی, ئەو جگە لەوەی لەم ڕۆژەدا وتارێك ئامادە دەکات بۆ پرسی ئافرەت, چیدی تاوەکو ساڵێکیتر بیر لەوە ناکاتەوە بچێتەوە سەر پرسەکانی و قسە بکات, ئەمە لەلایەك, لەلایەکیتردا لەبەرئەوەی دەزانێت خەتابارە, لەبەرئەوەی دەزانێت کەمتەرخەمە, بۆیە هەر چۆنێك بێت دەیەوێت ئەو ڕۆژە بەو ڕێو ڕەسمە یا ڕێو ڕەسمی لەمجۆرە بباتە سەر و کۆتایی پێ بێنێت.

هۆکارێکیتری هاتنەئارای ئەو دیاردەیە ئەوەیە, بە سازدانی ئەو ریێو ڕەسمە, و بڵاوکردنەوەی لە میدیا و کەناڵە ڕاگەیاندنەکان, دەسەڵات وا پێشاندەدات گرنگی بە پرسەکانی ڕەگەزی مێ دەدات, دەسەڵاتێکی مۆدێرن و یەکسانیخوازە, هیومانیستە و پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێت, لەتەك ڕەگەزی نێردا, گرنگی بەڕەگەزی مێ دەدات, ئەمەش بۆ خۆجوانکردن لە بەرامبەر دەرەوە.

* * * *

بەگشتی لەنێو کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکاندا "کوردستان یەکێکە لێیان " کەسی"خەڵات وەرگر" بەشێوەیەکی بابەتی, و لەسەر بنەمای پێوەرێکی زانستی هەڵنابژێردرێت بۆ خەڵات وەرگرتن, بەڵکو لە هەڵبژاردندا کۆمەڵێك پرسی خودی و کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگیرێت و لایەنگیری دەکرێت, ئەمەش بەسروشتی خۆی دەرەنجامێکی نێگەتیڤی لێدەکەوێەوە, چونکە بە ستایلێك و ڕیتمێکی تایبەت بەردەوامی بە بەڕێوەچوونی دیاردەی خەڵاتکردن دەدات, کە ناتەندروستە, و دەرەنجام و لێکەوتەی نێگەتیڤی دەبێت, ئەو ڕیتمەی دیاردەی خەڵاتکردن لەسەری دەڕوات, بەهۆیەوە کەسانێك لەسەر بابەتێك خەڵات وەردەگرن کە لە واقیعدا پرسەکە بەو شێوەیە نییە, بۆ نموونە لەسەر پرسی ئافرەت خەڵات وەردەگیرێت, لە ژێر ڕاڤەی ئافرەتی چالاك و بەناوی "ئافرەتی ساڵ", بەڵام کە دێیتە سەر واقیع دەبینیت پرسەکە بەو شێوەیە نییە, بۆیە یەکێك لە دەرکەوتەکانی ئەوەیە بەردەوام دوورکەوتنەوەیەك دروست دەکات لە نێوان دیاردەی ئامادە و واقیعی ئامادە, ئەمەش وەکو دەرکەوتەیەك عەیبێکی گەورەی ئەو دیاردەیەیە.

مەرج نییە ئەوانەی خەڵات دەکرێن بەردەوام و بە زەرورەت باشترینی ئەو کەسانە بن, کەوا ئامادەییان هەیە لەو کایەی پرسی خەڵاتکردن دەیگرێتەوە, زۆرجار ئەمە کەس"خەڵات وەرگر"ی متەوەهم دروست دەکات, بەوەی کە چالاکە و شایانی ئەو خەڵاتەیە, لە هەمانکاتدا دڵی ئەو کەسە دەشکێنێت, کەوا بە جیدی لەو کایەیەدا کار دەکات و چالاکی دەنوێنێت, دیسان ئەوانەی وەکو ستاف ڕۆڵی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی "خەڵات وەرگر" دەگێڕن, نادادوەر و نایەکسان دەبن لە هەڵبژاردنیان, ئەمەش کەسێکی نەخۆش و ویژدانێکی بیمار دروست دەکات.

لە تێڕوانینی من مەراسیمی خەڵاتکردن لە (8) مارس لەو ڕیتمە بەدەر نەبوو, لەوە بەدەر نەبوو کەسی نەخۆش و ویژدانی بیمار دروست بکات.

دەرکەوتەیەکیتر ئەوەیە ئەو دیاردەیە بۆ مەبەستی سیاسی دێتە ئاراوە, نەوەکو کۆمەڵایەتی و کولتوری و ڕۆشنبیری, مەبەست لە بوونی ئەو دیاردەیە خۆنمایشکردنی سیاسەکانە بۆ دەرەوە, بەوەی کەسانی دادپەروەر و یەکسانیخواز و دیموکراسیخوازن, لەلایەکیتر خۆقوتارکردنە لە بەسەرکردنەوە و چارەسەرکردنی پرسەکانی دونیای ئافرەت. ئەمەش زەنگی مەترسیەکی گەورە لێدەدات بەوەی ڕەفتاری دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری وڵات, چیدی بەمشێوە بێموبالاتە مامەڵە و ڕەفتار دەکات لە تەك پرسی ئافرەت, ئەمەش مانای ئەوەیە چیدی قسە لەو دونیا ناتەندروست و وێرانەیەی ڕەگەزی مێ ناکات, ئەو دونیایەی ڕۆژانە چەند ئافرەتێك دەبێتە قوربانی و گیان لە دەست دەدات.

دەرکەوتەیەکیتر ئەوەیە خەڵات بە حزبی دەکرێت, بینین و تێڕوانینی حزبی دیاردەی خەڵات وەرگرتن و خەڵات وەرگرەکان و بۆنەکان دیار دەکات, لەمەشدا بەهیچ شێوەیەك بە یەکسانی و دادپەروەری خەڵات وەرگر هەڵنابژێردرێت, بەڵکو بەردەوام کۆمەڵێك پرسی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافی لەبەرچاو دەگیرێت, کەوا بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەو پرسەوە نییە کە دیاردەی خەڵاتکردنی لەسەر بونیاد دەنرێت, پەیوەندی بەو پێوەرانەوە نییە کەوا دیاردەی خەڵاتکردنی لەسەر بونیاد دەنرێت, بە حزبیکردنی دیاردەی خەڵاتکردن خودی دیاردەکە

**قێـزەوەن دەكـات. ئـەم دیاردەیـە دیاردەیـەكی حزبیـە, حـزب لـە پشـتیەوە وەسـتاوە و خـۆراكی پێدەدات, بۆ ئەوەیە ڕووی ناشیرینی حزب بشارێتەوە, بۆ ئەوەیە وا پێشانبدات حزبی كوردی و دەسەڵاتدارانی كوردی بایەخ بە پرسی ئافرەت دەدەن, بـۆ ئەوەیـە بڵێت حزبی كـوردی خـاوەنی ئافرەتی چالاكە, بەڵام خۆسوتاندنی ژیلان هـەموو ئـەو پرسـانە لـە بنەڕەتـدا هەڵدەوەشـتێنێتەوە, ئەو دیاردە و بۆنەیە پوچ و بێمانا دەكات.**

**مارسی** 2005